# ریفۆرمی ئایینی

2

Omed_76@yahoo.com

**ریفۆرمی ئایینی تاچەند مومکینە..؟**

**یەکێك لەگرنگترین گرفتەکان لەبەردەم هەر ئیدیعایەکی فیکری و هەر خەونێکی گۆرانکاریدا گرفتی ئاستی بەواقیعیکردنی ئەو ئیدیعا فیکرییەو ئاستی پراکتیککردنی ئەو خەونی گۆرانکارییەیە، بەمانایەکی تر پرسیارە لەئاستی مۆمکینبوونی ئەو تێزە لەواقعدا، لەراستیدا خەون و ئیدیعای ریفۆرمی ئایینیشی وەك هەر خەون و ئیدیعایەکی فیکری و تیۆریی دەکەوێتە بەردەم هەمان پرسیار، بەوەی ریفۆرمی ئایینی تاچەند مومکینە..؟ ئایا کەلتوورێکی ئاینی کەسەدەها ساڵە خۆی وەك ئایینێکی ستاندارد ناساندووە چۆن دەکرێت ریفۆرمی تێدا بکرێت..؟ چۆن دەتوانین هۆشیاریی مرۆڤی ئاییندار نوێ بکەینەوە لەکاتێکدا هۆشیاریی ئەم مرۆڤە هۆشیارییەکی عەائیدیی و کەلتوورییە..؟ چۆن ئەو هۆشیارییە لەئەنجامی ریفۆرمی ئایینی بەدەستدێت، دەتوانین بیکەینە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی..؟ ئەمانە گرنگترین ئەو پرسیارانەن کە پێویستییان بەوەڵام و بەموناقەشاتی ورد هەیە، کەرەنگە لەم ستوونەدا نەتوانرێت ئەو موناقەشەیە ئەنجامبدرێت، بەڵام هەوڵدەدەین چەند تێزێك بخەینەروو:**

**سەرەتا با لەوە بدوێین کەخودی مومکین بوون چییە..؟ چۆن دەتوانین بڵێین فلانە تێزی فیکریی مومکینەو ئەوەی تریان مومکین نییە..؟ لەراستیدا بۆ مومکین بوونی لەواقیعدا زیاد لەشتێك تەحەکوم بەو زەمینە کۆمەڵایەتی و ماددییانە دەکات کەتێزەکەی تێدا تەرح دەکرێت، ئاستی هۆشیاریی کەسی خاوەن تێزو وەرگری تێز لەهەمانکاتدا، میکانیزمەکانی کارکردن رەوتی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا و جیهان، لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لەتەواوی ئەو هۆکارانە ئینجا دەتوانین باس لەئاستی مومکینبوونی تێزێك بکەین، بەباوەڕی من ئێمە دەتوانین لەدوو ئاستی سەرەکیدا باس لەئاستی مومکین بوونی ریفۆرمی ئایینی بکەین:**

**یەکەم: ریفۆرم وەك کردەیەکی تیۆریی لای نوخبەی ریفۆرمیست.**

**دووەم: ریفۆرم وەك هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی و تەبەنیکردنی لەواقیعدا.**

**یەکەم: ریفۆرم وەك کردەیەکی تیۆریی لای نوخبەی ریفۆرمیست:**

**ریفۆرم لەم ئاستەدا خولیای نوخبەیە، بەباوەری من ریفۆرمی ئایینی لەم ئاستەدا تا پلەیەکی زۆر مومکینە، لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە:**

**1-ریفۆرم کاری نوخبەیەکی خوێندەوارو لێکۆڵەرە، ئەم نوخبەیە بەحوکمی خولیاو بەحوکمی لێکۆڵەری خۆی دەتوانێت دەستی بەسەرچاوە فیکری و زانستییەکان بگات، بەمەش باکگراوندێکی نوێوە رووبەرووی دەق و کەلتوور دەبێتەوەو دەتوانێت ریفۆرم ئەنجامبدات و کاری ریفۆرم دەبێتە کارێکی مومکین.**

**2-لەم ئاستەدا ریفۆرم کردەیەکی تاکانەیە، ئەمەش گرنگییەکەی لەوەدایە کەبۆ بەرهەمهێنانی هەر دیدێك پێویستی بەقەناعەتپێکردنی ئەوی دی نییە، لەلەحزەی بەرهەمهێناندا دیدی خۆت و قەناعەتی خۆت حاکم دەبێت، لەقۆناغی دواتردا پرۆسەی قەناعەتپێکردن و بەڵگە هێنانەوە بۆ ئەوی دی دەستپێدەکات. ئەمەش کاری ریفۆرمی ئایینی ئاساندەکات.**

**3-ریفۆرمی ئایینی لەم ئاستەدا لەدەرەوەی دیسپلینەکانی هۆشیاریی ئایینی و عەقائیدیدا دەژی، چونکە ریفۆرمیش لەبنەرەتدا هۆشیاریی خۆی لەدەرەوەی ئەم دیسپلینەدا پەروەردە کردووە، ئەمەش پتر ریفۆرمی ئایین دەکاتە مومکین.**

**بەم پێیە دەتوانین بڵێین: ریفۆرمی ئایینی بەرادەیەکی زۆر مومکینەو دەشێت ئایینێکی ریفۆرمکراو بەرهەم بهێنرێت.**

**دووەم: ریفۆرم وەك هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی و تەبەنیکردنی لەواقیعدا:**

**ئەم ئاستە بریتییە لەو پرسیارەی داخۆ ئەو ریفۆرمەی نوخبەی ریفۆرمیست بەرهەمی دەهێنێت تاچەند دەکرێت بگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵگاو بکرێتە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی..؟ تادەکرێت ببێتە بەدیلی ئەم هۆشیارییە ئایینییە ستانداره..؟**

**لەراستیدا ئەمە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام یەکێکبووە لەگرفتە گەورەکانی بەردەم ریفۆرمی ئایینی، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە جگە لەهۆشیاریی ئایینیی ستاندارد هیچ موناڤیسێکی نەبووە، هیچ هەوڵێکی ریفۆرمیی ئایینی جێگای خۆی لەهۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا نەکردووەتەوە، بەباوەری من ریفۆرمی ئایینی لەم سەردەمەدا زیاتر لەهەر سەردەمێکی تر چانسی ئەوەی هەیە کەببێت بەبەشێك لەهۆشیاریی کۆمەڵایەتی و لەواقیعدا تەبەنی بکرێت، ئەمەش نەك لەبەرئەوەی هۆشیارییە ئایینی و عەقائیدییە ستانداره‌کە لاوازە، نا، بەڵکو ئەمرۆ ئەو هۆشیارییە زۆر بەهێزە کۆمەڵێك هۆکاری گرنگ کەوا دەکەن ئەمرۆ ریفۆرمی ئایینی چانسی زیاتر هەبێت:**

**1-بەمەرجی جددی بوونی کەسی ریفۆرمیست سەرچاوەی گرنگی زانستی و ئایینی و تیۆریی هەیە کەدەکرێت بەهێزکردنی لایەنی عەقڵانی و زانستی و ئایینی تێزی ریفۆرم بەکاربهێنرێت، ئەمەش ئەگەری مومکین بوونی زیاددەکات.**

**2-ئەمرۆ دەزگاکانی کارکردنە سەر هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك بوونی هەیەو کاریگەرە کە لەسەرانسەری مێژوودا بێ وێنەیە، ئەمەش زەمینەی لەبار دەرەخسێنێت بۆ گوێزانەوەی کارکردنەکانی ریفۆرمی ئایینی و هۆشیاریی نوێی ئایینی بۆ سەر هۆشیاریی گشتیی کۆمەڵگا.**

**3-هاوکاریی دەزگا مەدەنییەکان و بوونی دیموکراسی لەم سەردەمەدا، چونکە بێگومان یەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی مانەوەی هۆشیاریی ئایینیی ستانداردو دۆگما، دەسەڵاتی خۆسەپێن و ستەمکار بووە، ئەمرۆ لەکەشی ئازادی دیموکراسیدا پتر زەمینەی قبووڵکردنی تێزی نوێی ئایینی لەئارادایە. ئەمانەو هۆکاری دیکەش هەن و پێویستییان بەلێکۆڵینەوەی زیاترە.**